https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.14

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی دامەزراوەی الحسبة لە چاودێریی پیشە و پیشەسازی خۆراک و خواردن لە وڵاتی شام لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیووبی (٥٧٠-٦٤٨ک / ١١٧٤-١٢٥٠ز)

صابرقادر حمد امین
فاکەلتی ئاداب ,زانکۆی سۆران
saberqaderhamadameen@yahoo.com

پ.د. شەوکەت  عارف محمد ئەتروشی
زانکۆی زاخۆ, فاکەڵتی زانستي مرۆڤایەتی

**پوخته**

دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی وڵاتی شام لە لایەن ئەیوبییەکانەوە لە ساڵی (٥٧٠ک /١١٧٤ز)، دەستیانکرد بە ڕێکخستن و بە دامەزراوەییکردن و ئیدارەدانی ئەو وڵاتە، یەکێک لەو کارە گرنگانەی کردیان گرنگیدان و کارکردنی دامەزراوەی الحسبة بوو کە مەبەست لێی لێپرسینەوە و چاودێریکردنە، دامەزراوەیەکی زیندووی ناو ژیانی خەڵک بووە و کاری لەسەر باشترکردن و نەهێشتی کەم و کوڕییەکانی ژیانی خەڵک دەکرد، ئەو دامەزراوەیە بۆ وڵاتی شام گرنگییەکی زۆری هەبوو، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەبوو، بۆیە دامەزراوەی الحسبة لە وڵاتی شام بە ڕێنمایی و یاساکانی و چاودێریکردنی بەردەوامی بازاڕ و پیشە و پیشەسازی هاوڵاتییان ببوو بە دامەزراوەیەکی یاسایی کە نەک تەنها ڕێنمای و چاودێریی بازاڕی دەکرد، بەڵکو لەسەر گزی و کەم و کوڕییەکانیش سزای دەدان، بۆیە دامەزراوەی الحسبة ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە سەرپەرشتیکردنی پیشە و پیشەسازییەکان خۆراک و خواردن و ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە گەشەکردنی ئەو پیشانە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە کراوە بە سێ باسی سەرەکی، لە باسی یەکەم دامەزراوەی الحسبە دەناسێنین، باسی دووەم گرنگی پێدانی الحسبة لەلایەن ئەیوبییەکان دەخەینەروو، هەروەها باسی سێیەم تایبەت کراوە بۆ ڕۆڵی چاودێری الحسبە لەسەر پیشە و پیشەسازی خۆراک و خواردن لە شام، بۆیە ڕێنمایی و یاساکانی پەیوەست بە الحسبة بە پێی پیشەسازییەکە لەو توێژینەوە دەخەینەڕوو.



وشە کلیلییەکان: الحسبة، المحتسب، ئەیووبییەکان، پیشە و پیشەسازی، دادگا.

## ڕۆڵی دامەزراوەی الحسبة لە چاودێریی پیشە و پیشەسازی خۆراک و خواردن لە وڵاتی شام لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیووبی (٥٧٠-٦٤٨ک / ١١٧٤-١٢٥٠ز)

### پێشەکی

دوای ئەوەی ئەیوبییەکان توانیان دەسەڵاتیان بگەیێنە شام لە ساڵی (٥٧٠ک / ١١٧٤ز)، لەگەڵ ئەوەی وڵاتی شام بە قۆناغێکی سەختی شەڕ و ململانێیە بەردەوام دەڕۆیشت و لەگەڵ ئەو هێرشە بەردەوامانەی خاچهەڵگرەکان دەیان کردە سەر شام، بەڵام ئەوەش ڕێگر نەبوو لە بەردەم ئەیووبییەکان و سەلاحەدینی ئەیووبی، بە تایبەتی بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی سیستەمی دەوڵەت، بۆیە دامەزراوەی الحسبة کە دامەزراوەیەکی یاسایی ئەو دەوڵەتە بوو کارا کرا و بووە هۆکارێک بۆ گەشەی ئابووری لەو وڵاتە، دامەزراوەی الحسبة کاری لە سەر باشترکردن و بەرەوپێشبردنی پیشەسازی بە گشتی دەرکرد و لەهەمان کاتیش پیشەسازیی خۆراک و خواردن گرنگی زۆری پێدەدرا، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە ژیانی خەڵک، بەمەش ببووە هۆی پێشکەشکردنی باشترین و پاکترین بەرهەم و ڕۆڵی الحسبەش بەرز دەنرخێندرێت لە گەشەی پیشە و پیشەسازی خۆراک و خواردن، لەگەڵ ئەمەش ڕۆلی الحسبة بووە هۆکارێک کە باشترین بەرهەم پێشکەش بکەن و بەردوام چاودێری دەکران، بۆیە ئەو ڕێنماییانەی دامەزراوەی الحسبة دەبووە هۆی ئەوەی کێبرکێ لە نێوانیان دروست بێت لەسەر پێشکەشکردنی باشترین و پاکترین بەرهەم بە خەڵک، هەندێ بەرهەم زیاتر چاودێری دەکران، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بە ژیانی خەڵک، هەروەها لە حاڵەتی گزیکردن لەم جۆرە بەرهەمانەش، ڕاستەوخۆ زیانی تەندروستی و ماددی بە خەڵکەکە دەگەیشت.

گرنگیی ئەو توێژینەوە لەوەدایە، توێژەر ئەو یاسا و ڕێنمایانەی دامەزراوەی  الحسبە بۆ چاودێری پیشە و پیشەسازی خۆراک و خواردن دەخاتە ڕوو و ڕۆلی ئەو یاسا و ڕێنماییانە کە دامەزراوەی الحسبە دەری دەکردن چی بوو لە باشترکردنی ئەو پیشەسازییە خۆراکییانە و چ کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک و تەندروستیی خەڵک هەبووە، لەو توێژینەوەیە کۆمەڵێک ڕێنمای تایبەت باس کراون کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی و پەیوەست بوونە بە خواردن و خواردنەوەیان و تا چەند ئەو ڕێنماییانە ببوونە هۆی باشترکردنی بەرهەمە خۆراکییەکانیان، لەهەمان کاتیش کاریگەری چی بووە لەسەر پێشکەوتنی ئابووری و گرنگی پێدانی ئەیوبییەکان لە بۆ الحسبە چی بووە باسی لێوەکراوە.

گرنگیی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە بە زمانی کوردی باس لە ڕۆلی دەوڵەتی ئەیووبی و سەرپەرشتیکردن و پێشخستنی پیشە و پیشەسازی خۆراک و خواردن دەکات، توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی شیکاری مێژووییە و کار لەسەر شیکارکردن و بەراودکردنی ڕێنماییەکانی تایبەت بەو دامەزراوەییە دەکات بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ئەو سەردەمە و نزیک لەو سەردەمە، لەهەمان کاتیش سەرچاوەی پێش ئەو سەردەمەش بەکارهاتوون وەک بەراوردکاری و نزیکی لە سەردەمی ئەیووبی لە شام وەک: پەرتووکی (نهاية الرتبة فی طلب الحسبة) (الشیزری) کە مردووە لە (٥٨٩ک/ ١١٩٣ز) کە لەو سەردەمە ژیاوە و ڕێنمایی و یاساکانی الحسبة تۆمارکردووە و بەوردی باس لە بابەتەکە دەکات،  پەرتووکی (نهاية الرتبة فی طلب الحسبة) ی (ابن بسام) کە لە (کۆتاییەکانی سەدەی  ٦ک/ ١٢ز) مردووە بەهەمان شێوە نووسەر لەو سەردەمە ژیاوە و ئاگاداری کار و فەرمانەکانی ئەو دامەزراوەییە بووە، پەرتووکی (بداية المجتهد نهاية المقتصد) ی (ابن ڕشد) کە مردووە لە ( ٥٩٥ک/١١٩٩ز) و لەو سەردەمە ژیاوە و بەهەمان شێوەش کۆمەڵێک سەرچاوە وەرگیراون کە

نزیکن له سەردەمی ئەیووبی وەک: پەرتووکی (معالم القربة فی احکام الحسبة) ی (ابن الاخوة) که له (٧٢٩ک / ١٣٢٩ ز) مردووە، دوای ئەو سەردەمە ژیاوە و ڕێنمایی و کارەکانی الحسبة ی تۆمارکردووە، سەرچاوەی بەر له سەردەمەکەش بەکارهاتووە  وەک: پەرتووکی (الرتبة فی طلب الحسبة) ی (الماوردی) مردووە له (٤٥٠ک / ١٠٥٨ ز) و زۆر سوود له توێژینەوەی (تطور نظام الحسبة فی العصر الایوبی) ی شوکت عارف محمد ئەترۆشی بینراوە، لەگەڵ ئەویش سوود له نامەی ماستەری عبدالعزیز بن محمد بن مرشد، نظام الحسبة فی الاسلام وەرگیراوە و چەندین سەرچاوەی تری سەردەم و نزیک له سەردەمەکه بەکارهاتوون، له دوای گەڕانیش هیچ توێژینەویەکمان بەرچاو نەکەوت که تایبەت بێت به چاودێری پیشه و پیشەسازی خۆراک و خواردن له وڵاتی شام له سەردەمی ئەیووبی به زمانی کوردی و بەزمانەکانی تریش.

**باسی یەکەم: ناساندنی  دامەزراوەیی الحسبة**

**یەکەم: الحسبة له ڕووی زمانەوانی**

الحسبة له ڕووی زمانەوانی وا دەناسێندرێت مەبەست لێی ژماردنه و شتێک که حساب دەکرێت و بژمێردرێت و مانای ئەوەش دەگەینێ گوفتار و ڕەفتاری ڕێک و جوان بێت، زۆرجار وا لێکدراوەتەوە به مانای سیخوری  هەواڵ و ڕووداوەکان بێت یاخود دەرەوەیەکی هەستیار بێت له بابەتەکان، لەهەمان کاتیش الحسبة له ڕووی زمانەوانی به داواکردن و وەرگرتنی پاداشت و کرێی هەژماری کردبێت دێت، کەواته الحسبة به مانای  هەژماردن و وەرگرتنی کرێ دێت (ابن منظور، د.ت.ط.، ٦٣٠ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ٢٣ ؛ حماد، ١٩٩٣، ١٢٠ ؛ ابن مرشد، ١٩٩٢، ١١-١٢ ؛ قلعەجي، قنیبي، ١٩٨٨، ١٣٥،٣٠).

الحسبة له ڕووی زمانەوانی کە مانای ژماردنە، کەواتە ئەو ژماردنە پاداشت بێت یاخود پاداشتی کارێک بێت، ژماردنەکە تەنها بۆ کار و باری ژیان نییە، بەڵکو بۆ وەرگرتنی پاداشتی شەرعیشە لە ڕووی نوێژکردن و ڕۆژگرتن و ئەنجامدانی کاری باش، کەواتە مەبەست لێی دەسکەوت و پاداشت و کریێ تۆیە یاخود حسابی تۆیە لەو کار و فەرمانانەی ئەنجامی دەدەیت، هەموو کارێکی شەرعی بە الحسبة دادەنرێت و لەسەر نیەتی کەسەکە وەستاوە، گشت کارێکی شەرعی لەسەر نیەت پاداشت و کریێ وەردەگرێت و ئەمە مەبەست لێی الحسبە یە (الفیروز آبادي، ٢٠٠٨، ٣٦٠؛ ابن حجر العسقلاني، ١٩٨٦، ١٦٣-١٦٤ ؛ موسی، ٢٠١٦، ٥٨).

**دووەم: الحسبة لە ڕووی شەرع و زاراوەدا:**

الحسبة لە ڕووی شەرع و زاراوەد ا وا پێناسە کراوە، بە گشتی کارکردن لەسەر چاکە و دوور کەوتنەوە لە خراپە هەروەک، الفراء (مردووە : ٤٥٨ ک / ١٠٦٦ز) لە پەرتووکی (الاحکام السلطانیە) دەڵێت: (الحسبة کارکردن بە چاکەییە ئەگەر دەرکەوت لێی دوورکەوتووتەوە، دوور کەوتنەوەیە لە خراپە ئەگەر دەرکەوت ئەنجامی داوە) (٢٠٠٠، ١٨٤)، لەهەمان کاتیش ئەرکێکی ئایینیە کار لەسەر چاکە بکات و لە خراپە دووربکەوێتەوە و شارەزایی و زانیاری لەسەر شەرع هەبیت و شارە زا بێت لە قورئان کە گشت کارە چاکەکان و خراپەکانی تێیدا باس کراوە (الشیزري، ١٩٤٦، ٦، ٨).

زۆرینەی ڕاییەکان لەسەر ئەوەیە کە لە ڕووی شەرعی الحسبة مەبەست لێی فرمانکردنە بە چاکە و دوورکەوتنەوەییە لە خراپە، هەر کارێکی خودا بە باشی داناوە ئەنجامی دەدات و هەر کارێکی بە خراپ دانراوە لێی دووردەکەوێتەوە، ئەمە ڕووی شەرعیەکەی الحسبەیە (الماوردي، ٢٠٠٢، ٨٥ – ٨٧ ؛ ابن تیمیة، د.ت.ط، ٢٨٤-٢٨٥ ؛ الفراء، ٢٠٠٠، ١٨٤-١٨٥ ؛ النویري، ٢٠٠٤، ٢٤٢/٦)، کەواتە الحسبة کار و فەرمانێکی

ئاینییە کە نزیکە لە یاساوە و بەکردنی کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە کاری خراپە دەناسرێتەوە، لە ڕێگای فەرمانبەرێکی تایبەت بەو دامەزراوەییە بە ناوی المحتسب کار دەکەن بۆ زیادکردنی چاکە و نەهێشتنی خراپە (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ٢٣).

الحسبة دامەزراوەیەکی تایبەت بوو بە بواری کارگێری و بە دەرکردنی ڕێنمایی و جێبەجێکردنی یاساکان دەناسرا، دامەزراوەیەکی بوو کە وەک دامەزراوەی یاسای وەک پۆلیسی بازاڕ دەناسران و دامەزراوەیەک بوو کە کاری لە سەر باشترکردنی پیشەکان دەکرد لە بوارەکانی ژیانی خەڵک، کاری بریتیبوو لە پێدانی ڕێنمایی و یاسای تایبەت بە بازاڕ، لەهەمان کاتیش چاودێری وردی جێبەجێکردنی یاساکانی دەکرد (الشیزري، ١٩٤٦، ٦ ؛ الاتروشي، ٢٠١٧، ٩)، پۆلیس بەوە جیادەکرایەوە لە دامەزراوەی الحسبة، کە سەرپەرشتی و چاودێری ئەمن و ئاسایشی گشتی دەکرد، و دەسەڵاتێک بوو بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان و نەهێشتنی گەندەلیی ئیداری و دەسگیرکردنی تاوانباران و بردنیان بۆ بەردەم یاسا، و بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمەوی دەسەڵاتێکی فراوانی پێدراوە بۆ نەهێشتنی ناڕەزای و بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکان و زۆرجاریش بۆ پارێزگاریکردن لە قەڵا وماڵی دەسەڵات داران بەکارهێنراون بە پێچەوانەی الحسبة(الأصیبعي، د.ت.ط، ٦٧-٦٩) و پۆلیسی بازاریش تایبەت هەبووە کە پێیان دەگوت متولی السوق کە کاری لە سەر دەستگیرکردنی ئەو کەسانە دەکرد کە لە بازاڕ سەرپێچیی یاسا و ڕێنماییان دەکرد(أبی الفرج الاصفهاني، ١٩٣٥، ٢٧٧/٨).

هەرچی المحتسبە بەوە دەناسرایەوە کە ئەو کەسەیە کە کار لە سەر باشترکردن و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان دەکات، کەسایەتییەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی بوو و بە توانا و شارەزای لە کارەکە ناسراوە، لەگەڵ ئەوەش چاودێری و سەرپەرشتی بازاڕ و کارەکانی دەکرد و سزای ئەو

کەسانەی دەدا کە دەردەچوون لە ڕێنمایی و کەم تەرخەم بوون لە کارەکەیان، نوێنەر و فەرمانبەری دامەزراوەی الحسبة بووە، کاریان لەسەر یاسا و بنەماکانی شەرعی ئیسلام دەکرد(الشیزري، ١٩٤٦، ٦-٧ ؛ الاتروشي، ٢٠١٧، ٩)، لە بوون بە المحتسب کۆمەلێک مەرج هەبوون کە دەبوو المحتسب ئەو مەرجانەی تێدابێت، کەسێکی ئاقل و پێگەیشتوو و موسڵمان بێت و کاری بە چاکە بکات و لە خراپە دووربکەوێتەوە (الماوردي، ٢٠٠٢، ٦٤) و شارەزا و زانا بێت لە شەرعی ئیسلام تاکو بتوانێ بە باشی ڕێنماییەکان جێبەجێبکات و کار بەو شارەزای و توانایەی هەیەتی بکات (الشیزري، ١٩٤٦، ٦) و کار بە بنەما و شەرعی ئیسلام بکات و لە سەر سونەت و فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) بڕوات و دەبێت لە کەسایەتیی خۆشی ڕەنگبداتەوە وەک بەردانی ڕیش و سونەتەکانی تر، تاکو بە جێبەجێکردنی ئەو مەرجانە بتوانێ کاری المحستب بە باشترین شێوە ئەنجامبدات (ابن بسام، ١٩٦٨، ١٢-١٣).

هەروەها کەسایەتیی دیار و زانای ناسراوی سەردەم سەرپەرشتی (الحسبة) یاخود وەک المحتسب کاریان کردووە، کەسانی شارەزا لە شەرع و تەنانەت دادوەریش بوونە لە شام، وەک موحەمەد کوری دادور کمال الدین شارەزووری ناسراو بە محی الدین شارەزووری (ژیاوە: ٤٩٢-٥٧٢ ک / ١٠٩٨-١١٧٦ز) کە زانایەکی دیاری سەردەمی خۆی بووە و پلە و پۆستی جیاجیای لە دەوڵەتی ئەیووبی هەبووە، لە چەند شوێنێک وەک دادوەر و سەرپەرشتیاری الحسبة کاری کردووە لەوانە شاری حەلەب و دمشق، دوای مردنی باوکی لە شوێنی ئەو کاروباری دادوەری و الحسبة بەڕێوەبردووە و ئەمەش دەری دەخات کە پلە و پۆستی دادوەری و الحسبة لە باوک بۆ کوڕ و منداڵەکانیان ماوەتەوە (ابن خلکان، ١٩٧٠، ٢٤٦-٢٤٨؛ الاتروشی، ٢٠١٧، ١٦).

**باسی دووەم: گرنگی پێدانی الحسبة لەلایەن ئەیوبییەکان:**

دامەزراوەی الحسبة کە دامەزراوەیەکی چاودێری و لێپرسنەوەییە، سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر محمد (د.خ) لە سەر بێت، کە فەرمانکردن بە چاکە و  دوورکەوتنەوە لە خراپە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو دامەزراوەییە بوو، و یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی گەشە و پێشکەوتنی ئابووری لەو سەردەمە و ڕاستەوخۆ پێغەمبەر (د.خ) سەرپەرشتی و چاودەرێری دەکرد، بەهەمان شێوەش لە سەردەمی ڕاشدین لە لایان خەلیفەکان سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی دەکرا، و خەلیفە عومەری کوری خەتاب بە یەکەم کەس دادەنرێت کە وەک المحتسب چاودێری بازار و کار و پیشەی کردووە و خۆی سەردانی بازاری کردووە و لە نزیکەوە چاودێری پیشەو کاری خەڵکی کردووە(الماوردي، ٢٠٠٢، ٢٨ – ٢٩ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٣،١١ ؛ عبدالخالق، ٢٠١١، ٤٨).

لە سەردەمی دەوڵەتی فاطمی، بەهەمان شێوە گرنگی بەو دامەزراوەییە دراوە و لە لایان دادوەرەکان (القاضي) ئەو کەسانە دیاردەکران کە لەو دامەزراوەییە کار بکەن و ڕاستەوخۆش لە لایان سولتانەکانی فاطمی چاودێری دەکران، الحسبة لەو سەردەمەدا ڕۆلی دیاری هەبووە و چاودێری بازاڕ و مزگەوتەکانیشیان کردووە، و المحتسب جگەی لەوەی دەبوو موسڵمان بێت، لەهەمان کات دەبوو لە سەر مەزهەبی شیعە بێت، کەواتە بەر لە سەردەمی ئەیووبی الحسبە گرنگیپێدراوە و ڕۆڵیشی لە ڕێکخستنی بازاڕ و بنەما گشتییەکان دیار بووە (ابن مرشد، ١٩٩٢، ٣٥-٣٨)، لەگەڵ ئەویش زۆرجار لە لایان فەرمان ڕەوای فاطمی بڕیاری تایبەت دەردەکران وەک ساڵی ٤٠١ھ/ ١٠١٠ ز حاکم بامرالله بڕیاری دەرکرد بە نەهێشتنی  ئەو کارانەی کە لە ئیسلام ڕێگەپێدراو نین وەک فرۆشتی مەی و داخستنی شوێنی گۆرانی و

کۆبوونەوەی خەڵک لە سەر ڕوویاری نیل، کە ئەمەش  دەری دەخات کە چاودێریی  بازاڕ و کار و پیشەی خەڵک  کراوە (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٧).

دوابەدوای دەسەڵات وەرگرتنی ئەیوبییەکان (٥٧٠ک / ١١٧٤ز)، کاریان لەسەر بەرەوپێشبردنی ئیدارە و چاکسازیکردن لەو بوارە دەکرد، بۆیە لە نێویشیان الحسبة کە دامەزراوەیەکی ئیداری یاسایی و شەرعیە بەهێزکرد، ئەیوبییەکان بۆ ئەوەی الحسبة کارەکانی بە باشی بکات پلە و پایەکی بەرزیان پێدا، تاکو لە نێو خەڵکدا بە بەهێزی دەربکەویت، کاریان زیادکردنی چاکە و نەهێشتنی خراپە بوو، بۆیە کەسانی  زیرەک و زانا  و دیاریان لەو پلە و پۆستە دادەنا و شوێنی تایبەتیان پێدەدا بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان بە ئاسانی ئەنجامبدەن (القلشقندي، ١٩١٤، ٣٧/٤)، دەوڵەتی ئەیووبی گرنگیپێدانی بۆ ئەو دامەزراوەییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دوای دەسەڵات وەرگرتن، یەکەم کاریان نەهێشتنی خراپە (گەندەل)ی بوو، کاریان لەسەر نەهێشتنی خراپ  بەکارهێنانی ئیدارە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەکرد و کاریان بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک کردووە،  بۆیە کاری سەرەکییان ئەوە بوو چاکە و چاکەکاری زیاد بکەن  و خراپە و خراپەکاری بنەبڕ بکەن، هەربۆیە گرنگیی زۆریان بەو دامەزراوەییە داوە و هەوڵی بەرەوپێشبردنیان داوە (الشیزري، المنهج المسلوک، ١٩٨٧،  ٩١ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ٢٥).

ئەیووبییەکان بۆ ڕێکخستن و چاکسازیکردن لە بوارە سەرەکییەکانی ژیان، گرنگیی زۆریان داوە بە دامەزراوەی الحسبة و وا سەیریان کردووە کار و خزمەتگوزارییەکی ئاینییە و بۆیە زۆر بە گرنگی لێیان ڕوانیوە (الشیزري، ١٩٤٦ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ١٠-١١، ٧-٨، ئەتروشی، ٢٠١٧، ١١)، هیچ کات ڕۆڵی  الحسبة کەمتر  نەبینراوە لە دادگاکان، بەڵکو بە دامەزراوەیەکی یاسای  هەژماریان کردووە و تەنانەت لە سزادان و جێبەجێکردنی سزای سەر تاوانباران و کەم تەرخەمەکان ڕۆڵیان پێدراوە،

المحتسب به پلەیەکی ئاینی پەیوەست بە قەزا مامەڵەیان لەگەڵ کردووە (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ٢٣)، و الحسبة نێوەنگیر بوو لە نێوان دادگا و دیوانەکان، و گشتیان کاریان لە سەر نەهێشتنی خراپە و باشترکردنی خەڵک دەکرد لەگەڵ ئەوەی خاڵی هاوبەشیان هەبوو و بەهەمان شێوەش خاڵی جیاواز لە نێوانیان هەبووە، لەوە هاوبەش بوونە کە المحتسب پشتگیری دادگای کردووە لە گوێگرتن لەو کەسانەی کە سکاڵا دەکەن یان سکاڵا لێ کراون و بە گشتی نییە بەڵکو ئەوانەی پەیوەندار بە کێش و میزان یان قەرز و هتد... بۆیە پشتگیری دادگا بووە و لەگەڵ ئەوەش المحتسب سکاڵا لێ کراو ناچار دەکات کە مافی بە بەرانبەر بدات و لەوەش هاوکاری دادگایە، و جیاوازیش هەیە لە نێوانیان محتسب تەنها گوێ لەو داوایان دەگریت کە پەیوەندارن بە ئەو و بە پێچەوانە دادگا گشت داواکاری و داوایەک وەردەگریت، والمحتسب زیاتر لە سەر ئەو داوایان ڕادەوەستێ کە بەڵگەی دروست و دیاریان هەیە و سوێند بە سکاڵا کار دەخوات لە سەر دروستی بەڵگە، بەڵام دادگا گشت داوایەک دەخاتە ژێر لێکۆلینەوە و بەوەی کە بەڵگەدارە یان بەوەی کە بێ بەڵگەییە (الماوردي، ٢٠٠٠، ٦٦-٦٩ ؛ ابن مرشد، ١٩٩٢، ٥٣-٥٥)، الحسبة لە زۆر حاڵەت خۆی سزای سەرپێچیکارانی دەدا، ئەمەش وەک دەسەڵاتیەکی دادوەری ئەو دامەزراوەیە دادەنرێت، وەک ئەوەی کەسێک مەی خواردبێتەوە ڕاستەوخۆ لە لایەن المحتسب سزا دەدرا و دارکاری دەکرا بە هەشتا جار، یاخود لە حاڵەتی کەسێک زینای کردبێت و هەر لە ڕێگای المحتسب ئەو کەسە دارکاری دەکرا یان وەک لە شەرع هاتووە بەردباران دەکرا، ئەمەش دەریدەخات بەشداریکردنی الحسبة لە بواری یاسایی ڕوون بووە و دەسەڵاتێکی سەربەخۆی هەبووە لە سزادان و ڕێنمایی دەرکردن، (الشیزري، ١٩٤٦، ١٠٨-١٠٩).

گرنگیی ئیداریی ئەیووبییەکان بە الحسبە، هۆکارێک بووە بۆ ڕێکخستن و بەرەوپێشچوونی ژیانی خەڵک، لەهەمان کاتدا بۆ ڕێکخستنی

بازاڕ و لایەنی ئابووری ڕۆڵی دیاری هەبووە، کاری سەرەکی ئەوە بووە کار لەسەر فەرمانەکانی خودا و فەرموودە و سونەتەکان محمد (د. خ) بکەن (الشیزري، ١٩٤٦، ٨-٩ ابن بسام، ١٩٦٨، ١٢-١٣).

دەوڵەتی ئەیووبی و سوڵتانەکانیش ڕاستەوخۆ چاودێری ئەو دامەزراوەییان دەکرد، هەروەک ساڵی ٦٣٩هـ / ١٢٤٢ز سوڵتان سالح نجم الدين لە نزیکەوە چاودێری الحسبةی دەکرد و لەو شوێنانەی کە دانیشتووە هەمیشە بەدواداچوونی بۆ کاری المحتسب کردووە و تەنانەت لە کاتی هەواڵپێدانی بەوەی کە دووکانێک مەشروب دەفرۆشێ، فەرمانی بە المحتسب کردووە کە بە زۆری ئەو دووکانە دابخرێت و سزا بدرێت لە سەری، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە الحسبة گرنگیپێدراوە و بەدواداچوونیش بۆ کارەکانیان کراوە (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٨ ؛ ابن مرشد، ١٩٩٢، ٥٥).

دامەزراوەی الحسبة وایکرد ئەم دامەزراوەییە ڕۆڵی لە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک هەبێت، تەنانەت لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتی خەڵک لە بازاڕەکان لێکۆلینەوەیان دەکرد، هەمیشە کاریان لەسەر ئەوە بوو کاری باش لە بازاڕەکان بکرێت و لە کاری خراپ ڕێگریان دەکرد بۆ نەهێشتنی گزی (غش)، هەوڵیاندەدا بۆ نوێژکردن و پابەندبوون بە بنەماکانی ئیسلام، تەنانەت الحسبه وا بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی کە چاودێری ئافرەتیش دەکرا بۆ ئەوەی لە شوێنی گشتی دانەنیشێ، لە هەبوونی حاڵەتی ئاوا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرا، بۆیە ئەمە دەری دەدەخات ئەیووبییەکان گرنگیان بە گشت بوارەکانی ژیانی خەڵکی داوە و لە ڕێگای ئەو دامەزراوەیە کاریان لەسەر بوارەکانی تری ژیان بەگشتی دەکرد (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٣٥-١٣٦ ؛ابن مرشد، ١٩٩٢، ٥٥).

دەوڵەتی ئەیووبی گرنگیی زۆریان بەو دامەزراوەییە داوە و لە ڕێگای ئەمانیش چاودێریی وردی بازاڕ دەکرا و لە کەم و کوڕییەکانی

بازاڕ ئاگادار بوونە، تەنانەت لە پێویستیی بازاڕ و کەم و کوڕییەکانی بازاڕیش لێکۆڵینەوەیان دەکرد، گرنگیی ئەیووبییەکان بۆ الحسبة وایکردبوو بازاڕی تایبەت دروست بکەن و هەر پیشە و پیشەسازیەک بازاڕی تایبەت بەخۆی هەبێت، الحسبة ببوو بە دامەزراوەیەک کە چاودێری و ڕێنمای تایبەت بە ژیانی خەڵک بکات و ڕێنمایی تایبەت دەر بکات و لەکاتی جێبەجێنەکردنی یاساکانیان ئەوە سزا دەدران (الشیزري، ١٩٤٦، ١١-١٤ ؛ المقریزي، ١٩٩٧، ٥٨٠ -٥٨٥)، لەهەمان کاتیش گرنگیدانی ئەیووبییەکان بەو دامەزراوەیە، ڕێکخستنی تایبەت بە پیشەوەران دروستکراوە و هەر کار و پیشەیەک ڕێکخستنی تایبەتیان بۆ دروستکردووە و گشتیان سەر بە دامەزراوەی سەرەکی الحسبة بوون و سیستەمی تایبەتیان بۆ داناون، لە ڕێگای ئەمانیش ڕێنمای و ئامۆژگاری تایبەت دەردەچوو (الشیزري، ١٩٤٦، ١١، ١٢، ١٤).

ئەیووبییەکان گرنگیی زۆریان بە الحسبة داوە و هەوڵیانداوە کەسانێک لەو دامەزراوەییە کاربکەن کە خاوەن ڕەوشتی بەرز و جێگای متمانە بن و کەسانێکی شارەزا و پسپۆر لە بوارەکەدا بن، لە هەر کەم و کوڕی و کێشەیەک ئاگادار بن و لە نزیکەوە چاودێریی وردی شتەکان بکەن (الشیزري، ١٩٤٦ ، ١٢-١٤ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٢١٩)، بۆیە دەوڵەتی ئەیووبی ڕۆڵ و پێگەیەکی دیاری داوە بەو دامەزراوەییە لە سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی زۆرینەی لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، کار لەسەر بنەمای کارکردن لەسەر چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە بکەن، ئەو دامەزراوەیە وەک سیستەمێکی ئیسلامی بەشداربوو و کاری لەسەر باشترکردنی سیستەمی گشتی دەکرد و بە تایبەتی پیشە و پیشەسازی (ابن تیمیة، د.ت.ط، ١٥-١٦ ؛ ابن الدیبیع، ٢٠٠٢، ٧٩-٨٠)، زۆرینەی پیشەسازییەکان چاودێریی توندیان لەسەر دەکرا لە ڕێگای الحسبة، هەمیشە ڕێنمایی و یاسای نوێیان دەردەکرد تایبەت بە باشترکردنی کارەکە و لە ڕێگای الحسبة هەوڵیاندەدا کە متمانە لە نێوان

دەوڵەت و پیشەوەران دروستبکەن، ئەمەش سوودی زۆری بە خەڵک گەیاند و وایکرد الحسبة ڕۆڵی دیار بگێڕێ لە گەشەکردنی بەرهەم و باشترکردنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ٣٣٢ ؛ ابوزید، ١٩٨٦، ٢٠٨-٢٠٩).

## باس سێیەم: ڕۆڵی دامەزراوەی الحسبة لە چاودێریی پیشە و پیشەسازیی خۆراک و خواردن لە وڵاتی شام لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیووبی:

دەوڵەتی ئەیووبی ڕۆڵێکی دیاریکراوی داوە بە دامەزراوەی (الحسبة)، هەمیشە وەک لایەنێکی سەرەکی سەرپەرشتی و چاودێری بازاڕ ڕۆڵ و پێگەی دیاری هەبووە و دامەزراویەکی یاسایی و ڕێنمایی دەرە، چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ڕێنمایی لە کارە سەرەکییەکانی بوو یاخود لەسەر بنەمای کارکردن بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە کاریان دەکرد، الحسبة سیستەمێکی ئیسلامیی ئیدارییە و کار لەسەر باشترکردنی سیستەمی گشتی دەکات، لایەنی ئابووری و ژیانی خەڵک لە لایەنە سەرەکییەکان بوون، بە مانایەکی تر چاودێریکردنی بازاڕ و پیشە و پیشەسازی و بازرگانی بوو(ابن تیمیة، د. ت. ط، ١٥-١٦ ؛ ابن الدیبع، ٢٠٠٢، ٧٩-٨٠ ؛ ابو خلیل، ٢٠٠٢، ٢٦٥)، دامەزراوەی الحسبة دەتوانین بڵێین دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بوو و بەهەمان شێوەی دادگاکان بووە و سزا و ڕێنمایی و یاسای تایبەتی دەردەکردن (ابن مرشد، ١٩٩٢، ٤٣)، بۆیە ڕۆڵی چاودێری دامەزراوەی الحسبة لەسەر خاوەن پیشە و پیشەسازییەکان لە شام لە سەردەمی ئەیووبی لە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو.

### ١-سەرپەرشتیکردن لەسەر پیشەسازی ڕوون:

دەوڵەتی ئەیووبی هەوڵیدا لە زۆرینەی پیشەسازییەکان چاودێریەکی توند بکەن، و بۆیە هەمیشە بە دوای ڕێنمایی نوێ بوو و تەنانەت لەسەر

ئەم پیشەسازییەش ڕێنمایی توند هەبوون، بەر لە هەموو شتێک متمانە گرنگترین شت بوو لە نێوان دەوڵەت و پیشەوەران هەبێت، بە تایبەتی لە جێبەجێکردنی ڕێنمایی و لەنێویشیاندا پاراستنی پاک و خاوێنی، بەکارهێنانی کەلوپەلی خاوێن و شوشتنیان بەر لە دەستپێکردن بە دروستکردنی ڕوون و پیشەسازییەکە (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ٣٣٢ ؛ ابوزید، ١٩٨٦، ٢٠٨ – ٢٠٩).

لە سەرەتای پیشەکە دەبوو سوێند بخۆن، کە کارێکی واناکەن زیان بە خەڵک بگات و گزی (غش) لەو بەرهەمە ناکەن، هەر جۆرە پێشێلکایەک یان پەیوەست نەبوونێک ببینرێت بە ڕینماییەکان ئەوە لە بەرانبەر سزای توند وەردەگرن و هیچ کاتێک ڕێگا نادرێت کار بکات تا کەسەکە سوێندنەخوات و بەڵێنبدات کارێکی باش و پاک و خاوێن ئەنجامدەدا (ابن بسام ١٩٦٨، ١٦٤)، لەگەڵ ئەویش نرخی دیاریکراو بوایە و تەنانەت گرانکردن و زیادکردنی نرخ سزای لەسەر بوو، بۆیە دەبوایە کار لەسەر کەمکردنی نرخ بکەن و باشترین جۆر بەرهەمبهێنن (ابن تیمیة، د.ت.ط، ٣٢ – ٣٣؛ حسن، ٢٠١٥، ١٩٥–١٩٦).

گزیکردن لە بەرهەم هەبووە و جا ئەو گزی (غش)ە لە کێشان و قورسایی بوایە یاخود لە دروستکردنی جۆری ڕوونەکەش بوایە، چەند جۆرە ڕوونێک تێکەڵدەکران و زۆرجار دوو جۆر ڕوون تێکەڵی یەکتر دەکران و جۆرێکیان خراپ و ئەوی تریش باش و لە کاتی فرۆشتنیش بە ڕوونی باش دەیان فرۆشت، بۆیە چاودێری بۆ ئەوە بوو ئەو گزییە لە بەرهەمهێنان نەکرێن، یاخود جۆری ڕوونەکە لاواز بووە و زۆر لەسەر ئاگر هێشتراوەتەوە یاخود چەوریی خۆی لەدەستداوە، ئەمانە کۆمەڵێ گزی بوون لەو پیشەسازییە دەکران، کۆمەڵێک ڕێنمایی تایبەت بەو بابەتە هەبوون و دامەزراوەیی (الحسبة) سەرپەرشتی دەکرد و چاودێری ئەو

جۆرە کارانەی دەکرد (الشيزري، ١٩٤٦، ٥٨- ٥٩ ؛ ابوزيد، ١٩٨٦، ٢٠٨-٢٠٩).

(المحتسب) سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد و ڕێنماییان دەکات بەوەی بەرهەمەکانیان داپۆشن و دووری بکەن لە مێش و مەگەز و هەمیشە جل و ڕۆبەکانیان بە خاوێنی بپارێزن، هەروەها ئەو ئامێرانەی لە دروستکردنی ڕوون بەکاردێنن بە جوانی بیان شۆن و بەرهەمەکانیان لە بوتل دابنێن، پاک و خاوێنی بە گرنگترین ڕێنمایی هەژمار کراوە و بە تایبەتی داپۆشین و ڕێگا نەدان بە چوونی تۆز و خۆڵ بۆ ناو بەرهەمەکە، پاک و خاوێنیی مەنجەڵ و دەفرەکانی بپارێزرێن و ئەوەش گرنگیی خۆی هەیە، بۆیەش هەمیشە چاودێری دەکران و لە جێبەجێنەکردنی هەر ڕێنمایەک ئەوە بە توندترین شێوە سزادەدران (الشيزري، ١٩٤٦، ٣٤).

**٢-سەرپەرشتیکردنی بازاڕ و پاک و خاوێنیی بازاڕ:**

(المحتسب) لە کارە سەرەکییەکانی سەرپەرشتیکردنی بازارە و کاری لەسەر ڕێکخستنی بازاڕ دەکرد و چاودێرییەکی وردی کار و پیشەکانی دەکرد، وەک ئەوەی کەلوپەل و بەرهەمەکانیان لە سنووری دووکانەکە دەرنەچێت و سنوورەکەی دیاریکراو بووە، وەک هەیوانی دووکانەکەی لە هەیوانەکە دەرنەچێت و کە نەدەبوو لەو شوێنە زیاتر کەلوپەل بێنە پێشەوە و سنووری دووکانەکە ببەزێنن (الفراء، ٢٠٠٠، ٣٠٦ ؛ الشيزري، ١٩٤٦، ١١، ١٤ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ١٧)، هەمیشە دانیشتنی خەڵک لەناو بازاڕ و  لەبەر دەرگای دوکانەکان ڕێگاپێدراو نەبوو، بۆ ئەوەی نەبنە هۆی بێزارکردنی خەڵک و بازاڕەکە، ئەوە یەکێک بوو لەو کارانەی کە ڕێگانەدەدرا لە بازاڕدا بەبێ کار دابنیشن و بیکەنە شوێنی گفتوگۆ و باسی ڕۆژانە (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٣٥ ؛ ابو زيد، ١٩٨٦، ص ٨١ – ٨٢).

هەر بازاڕێک تایبەت بوو بە پیشەسازیەک یاخود کاڵایەکی تایبەتی لێ دەفرۆشرا، هەندێ جۆر کاڵا نەدەبوو لە هەندێ بازار بفرۆشرێت، وەک دووکانەکانی ئاسنگەر، نانەواخانە و چەند جۆری تریش بە تایبەتی ئەوانەی پێویستییان بە ئاگر و نەوت بوو بۆ بەرهەمهێنانەکەیان و دوکەڵیان دەردەکرد، نەدەکرا هەندێ دووکانی تر لەلایان بن وەک بازاڕەکانی خواردەمەنی، بۆیە دەبوو لە بازاڕی تایبەت بە خۆیان کەلوپەل بفرۆشن و تێکەڵاوی هەندێ جۆر بازاڕ نەبن (الشیزري، ١٩٤٦، ١١ -١٢ ؛ المقریزي، ١٩٩٧، ٢ / ٥٨٠-٥٨٥ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ١٧ – ١٨)، لەگەڵ ئەوەش دەبوو پاک و خاوێنیی ناو دووکان و دەرەوەی دووکانیش بپارێزن و نەدەبوو شەقامی بەردەم دووکان بە زبڵ و پاشماوەی دووکانەکە پیس بێت، تاکو نەبنە هۆی پیس بوونی خەڵک و تەڕبوون و بێزارکردنی خەڵک بەهۆی پیسی و پەیدابوونی بۆنی ناخۆش، چونکە شەقامەکە گشتییە و هاوبەشە لە بەکارهێنان، بۆیە دەبوو ئاگاداری پاک و خاوێنی بەردەمی بازاڕەکەیان بن (الشیزري، ١٩٤٦، ١٣ -١٤ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٣٥-١٣٦ ؛ عبدالخالق، ٢٠١١، ٧٠).

یەکێک لە گرنگترین ئەو حاڵەتانەی (المحتسب) چاودێریی وردی بازاڕی پێ دەکرد ئەویش (احتکار) بوو، مەبەست لێی شاردنەوە و هەڵگرتنی کاڵایە و دواتر لەکاتی پێویست دەهێنرێتە دەرەوە و بە نرخێکی گرانتر دەفرۆشرێت، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ گرانبوون و تێکچوونی بازاڕ، ئەم کارەش لە ئیسلام ڕێگاپێدراو نییە وحەرامە (وەک پێغەمبەر محمد (د.خ) دەفەرموێت: " مَنِ احْتَكَرَ فَهو خاطِئٌ "(مسلم، ١٩٩١، ١٢٢٧/١) بۆیە دەبێت چاودێریی ورد بکرێن و لە حاڵەتی هەبوونی شتێکی لەو شێوەیە و بە ناچاری پێیان دەفرۆشتن، کارێکی بەم شێوەیە کە ببێتە هۆی نەمانی کاڵایەک لە بازاڕ و گرانبوونی بە نرخێکی خەیاڵی، ئەمەش لە سەردەمی ئەیووبی بە هەموو شێوەیەک قەدەغەبوو،

به تایبەت لەو سەردەمەدا جەنگی زۆر بوونی هەبوو (ابن بسام، ١٩٦٨، ١٨ ؛ القلقشندي، ١٩١٤، ١١/ ٢١٤-٢١٥ ؛ زيادە،١٩٦٢، ٨٦).

خاوەن دووکان و خەڵکیش نابێت دیوار و شورەی ماڵ و دووکانەکانیان بێنە ناو شەقام و ببێتە ڕێگری بۆ خەڵک، نابێت ماڵەکانی دراوسێی بازاڕ پەنجەرەکانیان بکەنەوە و لەناو پەنجەرەکان دابنیشن بە تایبەت پیاوان، بۆ ئەوەی نەبنە هۆی بێزارکردنی خەڵک و بە تایبەتی ئافرەتان، هەروەها بە پێچەوانەش نابێت ئافرەت لەو شوێنانە لە بەردەم ماڵەکانیان دابنیشن و پیاوەکان بە بەردەمیاندا بڕۆن و ئەمەش ڕێگاپێدراونەبوو، چونکە دانیشتن لەو شوێنانە زۆرجار جەنجاڵی لە بازاڕەکان دروستدەکرد، لەگەڵ ئەمەش چەندین جۆری ڕێنمایی هەبوو کە کاری لەسەر باشترکردنی بازاڕ و فرۆشتن دەکرد (الماوردی، ٢٠٠٢، ١٦٥ – ١٦٦ ؛ الغزالی، ٢٠٠٥، ٨١٧ ؛ الشیزری ١٩٤٦، ١٤).

کارێکی تری (المحتسب) لە بازاڕ بریتیبوو لە جێبەجێکردنی ڕێنمایی سەرەکی و نەهێشتنی ڕیبا، مەبەست لێی جۆرە سوودێکە لە ئەنجامی کڕین یان گۆڕینەوەی کاڵایەک یان لە ئاڵوگۆڕی پارەش ڕوودەدات و قازانجەکەی حەرامە، وەک زێڕ بە زێڕ، زێڕ بە قەرز، زیو بە زیو، پارە بە پارە زیادەی بخرێتە سەر و چەندین جۆری تریش، (المحتسب) بە ئاگادار بوون و زانینی فرۆشتنی لەو جۆرە ڕێگری لێ دەکردن و سەرەتا ئاگاداری دەکردنەوە کە ئەم کارە ڕیبایە و کاری لەم جۆرەش لە ئیسلام ڕێگاپێنەدراوە، بۆیە دەبێت بە هیچ شێوەیەک لە کاری وا نزیک نەبنەوە و لە حاڵەتی ئەنجامدانیشی ڕووبەڕووی سزای توند دەبوونەوە (الغزالي، ٢٠٠٥، ٨١٦ – ٨١٧ ؛ ابن ڕشد، ١،١٩٩٥/ ١٢٨٤ – ١٢٨٨).

## ٣-سەرپەرشتیکردنی زلابیە، پاقلاوە (الزلابیة):

دروستکردنی زلابیە لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیووبی لە شام گرنگیی زۆری پێ دەدرا، ئەمەش وایکرد چەندین ڕێنمایی تایبەت بەو پیشەسازییە دەربکرێت و باشترین جۆری زلابیە و پەقلاوە دروستبکرێت، هەر لەو دەفرە و مەقلیەی کە تێیدا سوور دەکرانەوە، دەبوو مس بێت و لە جۆرێکی باش بێت، ئەو جۆرە ڕوونەی بەکاردەهات دەبوایە لە ڕوونێکی باش بێت بۆ ئەوەی تامی زلابیەکە وەک خۆی بێت، هەروەها دوای دەرهێنانی لە دەفرەکە و ساردکرنەوەی ڕاستەوخۆ بە وەرەقەیەکی تایبەت بپێچرێت و دواتر بە شیرینییەکی وەک هەنگوین تامی خۆش بکرێت (الماوردي، ٢٠٠٢، ٢١٣ ؛ الشیزري، ١٩٤٦، ٢٥ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٨٠). لەو سەردەمەش پاقلاوە و زلابیە گرنگ بوونە، بۆیە لەگەڵ بەکارهێنان ڕوونێکی بێگەرد و باش دەبوو بەکاربێنن و سووری بکەنەوە، کەمێک ئاویش لەگەڵ ڕوونەکە بەکاردەهات، گەر بیبەستایە ئەوە ڕوونەکە باش نییە و دەبوو بەکارینەهێنن، ڕوونەکە لەناو ئاوەکە باشی و خراپییەکەی دەردەکەوت و بۆیە دەبوو نەیبەستێ و نەمەییت، چونکە تا پاقلاوەکە بە نوێیی بمێنێتەوە، بۆیە دەبوو ڕوونێکی باشیان بەکارهێنا بوایە، لە پاک و خاوێنیش دەبوو گشت کەلوپەلەکان بە جوانی بشۆن و پاک ڕابگرن، هەروەها لە جل و بەرگیش یەک پۆش بن و هەمیشە پاک و خاوێن بن و تا نەبنە هۆی پیسکردنی زلابیەکە، هەروەها هەر ابن بسام (لە کۆتای سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی حەوتەم ژیاوە) لە پەرتووکی (نهایة الرتبة فی طلب الحسبة) دەڵێت: "دەبێت یەک لەسەر سێی ئاردی زلابیە باش بێت و دوو لەسەر سێی کرێم بێت، ئەگەر ئاردەکەی زیاد بێت ئەوە زلابیەکە سپی دەبێت و لە کێش و دروستکردن سوک دەبن، ئاردیش ڕوونێکی زۆر هەڵدەمژێت زیاتر لە خۆی بۆیە ڕقیان لێ دەبێتەوە (١٩٦٨، ٤١)". ئەمەش دەریدەخات بۆ دروستکردنی ئەو ڕێژە ئارد و کرێم و تەنانەت شرینیش دیاریکراوە و لەو ڕێژەیە کەمتر یان

زیاتر بە گونجاو نەزانراوە، ئەمەش چاودێرییەکی وردی بازاڕی پێ دەڵێن و هۆکارێک بووە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرهەمی ناوەخۆیی.

**٤-سەرپەرشتی سوورکردنەوەی ماسی:**

ئەمەش یەکێک بوو لە پیشە باوەکانی وڵاتی شام و هەر کارێک کە گرنگیپێدەدرا لەلایەن دەوڵەت چەند ڕێنمایی و یاسای تایبەتی بۆ دەردەرکا و تا کارەکە لە گزی (غش) بپارێزن و باشتری بکەن، بۆیە گرنگترین ڕێنمایی پاک و خاوێنییە، دەبێ ماسییەکان بە جوانی بشۆن بە ئاوێکی گەرم و خاوێنکردنەوەی پێستی ماسی و ئەم خاوێنکردنەوەش بۆ ئەوە بوو لە تێکچوون و بۆنی ناخۆش ماسیەکە بپارێزن (الماوردي، ٢٠٠٢، ٢١١ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٥٦)، دەبێت هەمیشە مەقلی و قاپەکانی ماسی تێدا سووردەکرێتەوە بە جوانی بشۆرێن و بۆ ئەوەی لەو ڕوونە کۆنە و پاشماوەی ماسییەکان خاوێن بکرێنەوە، ماسییە نوێیەکەش کە سووردەکرێتەوە تا تامی ماسییە کۆنەکە نەگرێت، گرنگترین شتیش کە ماسی خاوێندەکرایەوە دەبوو شەق بکرێت و ناو ماسییەکە بە جوانی خاوێنبکرێتەوە (الشیزري، ١٩٤٦، ٣٣ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٧٨).

لە شام کاتی ماسی سووردەکرایەوە، بە چەندین جۆر کەلوپەل ماسییەکە پڕدەکرا، تا ماسییەکە تامخۆشتر بێت، بۆیە دەبوو کەلوپەلی کە وەک پڕکردنەوەی ماسییەکە بەکاردەهات، دەبوو کێشی دیاریکراو بێت و کڕیاریش بزانێ ماسییەکە چەندە و ئەو شتانەی لە ناو ماسییەکە کراون کێشی چەندە، لەوکات کۆمەڵێک شت بەکارهاتووە بۆ پڕکردنی ماسی وەک بیبەر، سماق، ڕوون، ئاوی لیمۆ و چەندین شتی تریش بەکاردەهاتن، دەبوو ئەو شتانە جگە لە کێشەکەی دیاربێت، لەهەمان کاتیش لە جۆری باش و نایاب بن و تێکنەچووبن (ابن بسام، ١٩٦٨، ٥٦).

له كاتی سوورکردنەوەی ماسی دەبێت زۆر دڵنیابیت له خاوێنکردنەوەی ماسییەکه و خراپنەبوونی، هەروەها هەمیشه دەبێت ماسییەکه تا به جوانی ببرژێت له ناو فڕنی و ئاگر دەرنەهێنرێت، واته ماسییەکه به جوانی بکوڵێت و خاو نەبێت، لەگەڵ ئەمەش دەبێت زۆر به وردی ئاگاداری ئەو ماسیانه بن که له شوێنی دوور دەهێنرانه شام، دەبێت خراپ نەبن و کرم لێیانی نەدابێت و بۆنی تێکنەچووبێت، بەر له کڕینی و بەکارهێنانی دەبێت سەیربکرێن و دڵنیا بن لەوەی ماسییەکه هیچ کێشەیەکی نییه و شیاوه بۆ خواردن (الماوردي، ٢١١،٢٠٠٢ – ٢١٢ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٧٨ –١٧٩).

## ٥–سەرپەرشتیکردنی چێشتلێنەرەکان (الطباخين):

چێشتلێنەرەکان یەکێک بوون له گرنگترین پیشەوەرانی سەردەمی ئەیووبی و له ڕێگای ئەو پیشەیه ژیانی خۆیان دابینکردووه، هەر چێشتلێنەرێک که ئەو پیشەی ئەنجامدەدا دەبوو له سەرووی گشت ڕێنمایەک پاک و خاوێنی بپارێزن، هەر له شوشتنی قاپ و مەنجەڵەکانی خواردن دروستکردن تا دەگاته شوێنی چێشت لێنان و قاپ و مەنجەلەکان به ئاوی گەرم بشۆن و بۆ ئەوەی پیسی و چەوری ڕۆژانی پێشووی لێ خاوێن ببێتەوه (ابن بسام، ١٩٦٨، ٤٤ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٧٢).

هەروەها چێشتلێنەر دەبوو هەوڵبدات باشترین خواردن و باشترین شت بەکاربێنێ بۆ دروستکردنی چێشتەکەی، فێڵنەکردن لەو جۆره خواردنانه وەک ئەوەی گۆشتی گا به گۆشتی بەرخ و مامز بفرۆشی یاخود گۆشتی حوشتر به گۆشی مانگا بفرۆشی، خواردنەکه کۆن نەبێت به تازه بفرۆشرێت و چەندین فێڵی تریش، بۆیه دەبێت کڕیار جۆری خواردنەکه بزانێ و کڕیاریش ئاگادار بێت له خواردنەکەی، نەوەک کەسانێک هەبن یەکێک لەو گۆشتانه نەخوات و یان نەخۆشی هەبێت، بۆیه دەبێت جۆرەکەی بزانێ (ابن بسام، ١٩٦٨، ٤٤ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦،

١٧٢)، هەروەها دەبێت خواردن بە جوانی داپۆشن و سەری مەنجەڵەکان بە جوانی ببەستن تا لە مێش و مەگەز و تۆز و خۆڵ بیپارێزن و خاوێنی خواردنەکە بە جوانی ڕابگرن (الماوردي، ٢٠٠٢،  ٢٠٦ ؛ الشيزري، ١٩٤٦، ٣٤).

لەکاتی چێشتلێنان گزی (غش)کردن لە جۆری خواردن، تام و چێژی خواردن  یاخود کێش و قەبارەی برنج و چۆنیەتیی لێنان، هەروەها تەنانەت لە شیر و هەنگوین و زۆر جۆر خواردنی تر دەکران، بۆیە چاودێریی وردی چێشتلێنەرەکان دەکرا، تاکو کەمترین فێڵ لە جۆر و شێوازی دروستکردنی خواردن بکرێت (الماوردي، ٢٠٠٢، ٢٠٦ – ٢٠٧ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٤٤ – ٤٥).

چێشتلێنەر تەنها خواردن دروستکردن نییە، بەڵکو پارێزگاریکردن لە تەندروستیی خەڵک و پاک و خاوێنی ڕاگرتنی خواردنەکانە، بە تایبەت هەر خواردنێک یان کەلوپەلێک کە لە خواردن بەکاریبێنی تێکچووبێت، یان لایەکی ڕەش بوو بێت یاخود بۆگەن بووبێت بە هیچ شێوەیەک نابێت لە دروستکردنی بەکاریبێنی، وەک گەنمی بۆ گەن هەم بۆنەکەی ناخۆشە و بۆ تەندروستی مرۆڤیش خراپە، دەبێت خۆیان لەو جۆرە بەرهەمانە بەدووربگرن کە گومانی تێکچوونیان لێ دەکرێت یاخود بۆ تەندروستی خەڵک زیانی هەیە (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٧٣ – ١٧٤)، کەواتە خواردن دروستکردن پیشە بوو نەک هەر کەسێک بیەوێ دروستی بکات،  دەبوو ڕەچاوی ڕێنمایی تەندروستیش کرابایە و خواردنەکە تەندروستی کڕیاری تێکنەدایە، ئەوەش دەری دەخات چێشتلێنەر پێویستی بە شارەزایی باش هەبووە و هەروەها زانیاریی باشی هەبوایە لە بەروبووم و تێکچوون و تێکنەچوونی شتەکان بەر لەوەی بەکاریبێنێت.

٦-سەرپەرشتیکردنی گۆشتفرۆشەکان، قەساب (الجزارین):

دەوڵەتی ئەیووبی چاودێریی گشت پیشە و پیشەسازییەکیان دەکرد و لە نێویان قەسابەکان بوون، پیشەیەکی تایبەت بوو بە فرۆشتنی گۆشت و کوشتنەوەی ئاژەڵ، ئەمەش دەبوایە بە پێی شەرعی ئیسلام بەو کارە هەڵبستابان، ئاژەڵیش دیاریکراوبوون، نەدەبوو ئەو جۆرە ئاژەڵانە بن کە ئیسلام حەرامی کردوون وەک بەرزا، بەڵکو دەبوو تەنها ئەو ئاژەڵانە بن کە حەڵاڵ کراون و گۆشتەکەیان دەخورێت (ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٦١ ؛ ابن الحاج، د.ت.ط، ١٨٢ – ١٨٤)، دەبوو قەساب موسڵمانێکی پێگەیشتوو بێت و کەسێکی ئاقل بێت، هەمیشە لەکاتی کوشتنەوەی ئاژەڵەکان ناوی خودا بێنێ و ڕووی لە قیبلە بێت، ئەو چەقۆیەی کە بەکاریدێنێ بۆ کوشتنەوەی ئاژەڵەکە دەبێت چەقۆیەکی تیژ بێت و کۆڵ نەبێت (الماوردي، ٢٠٠٢، ١٩٤ ؛ الشیزري، ١٩٤٦، ٢٧ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٣٤).

ڕێنمایی قەسابەکان تایبەت بوون، قەساب دەبوو بە هێواشی ئاژەڵەکە بکوژێتەوە و نابێت بە هێچ شێوەیەک ئازاری ئاژەڵ بدرێت و بە توند و تیژی بیکوژنەوە، تەنانەت نابێت پێستی لەسەر لاببەن و خاوێن بکرێتەوە تاکو ئاژەڵەکە سارد دەبێتەوە و ڕوحی لە جەستە نامێنێ (الشیزري، ١٩٤٦، ٢٧ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٣٤)، نابێت بە هێچ شێوەیەک قەساب ئاژەڵێک بکوژێتەوە کە زەرەر بە خەڵک بگەینێ، دەبێت ئاژەڵێکی تەندروست بێت و پیر نەبێت، بەهیچ شێوەیەک نابێت ئاژەڵی پیر، هار، نەخۆش، کوێر و بە گشتی نابێت نەخۆشییەکی دیاریکراوی هەبێت، یان نیشانەیەکی دیاریکراوی نەخۆشی لە سەر بێت (الماوردي، ٢٠٠٢، ١٩٦ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٦٣).

هەروەها بە هیچ شێوەیەک نابێت قەسابەکان هەڵبستن بە کوشتنەوەی ئاژەڵ لە بەردەم دووکانەکانیان و بەردەم دووکانیان بە خوێن پیس بکرێت و ببێتە هۆی پیسکردنی شوێنەکە و بێزارکردنی خەڵک

لەو شوێنە، هەروەها بۆن ناخۆشکردنی بازاڕ، بۆیە نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک ئاژەڵ لەبەردەمی دووکان بکوژرێتەوە (الماوردي، ٢٠٠٢، ١٩٦ ؛ ابوزيد، ١٩٨٦، ٢٠٤)، بەهەمان شێوە نابێت دوای کوشتنەوەی ئاژەڵ گۆشتەکە لە سنووری هەیوانی دووکان زیاتر بێتە دەر یاخود نابێت لە بەردەمی دووکان هەڵبواسرێت و ببێتە هۆی پیسکردنی شوێنەکە، بە هەموو جۆرێک دەبێت گۆشتەکە لەناو دووکان بێت، تا پاک و خاوێنیی شوێنەکە و گۆشتەکە بپارێزرێت (الماوردي، ٢٠٠٢، ١٨٦ ؛ الشيزري، ١٩٤٦، ٢٨ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٣٥ ؛ ابن لاخوة، ١٩٧٦، ١٦٣).

لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێک گزی و فێڵ دەکرا نەدەبوو قەساب بیکات، بۆیە دەبوو جۆری گۆشتەکە دیار بێت کە چ گۆشتێکە، نابێت گۆشتی مانگا بە گۆشتی بزن بفرۆشرێت و گشت جۆری تری گۆشت، هەروەها نابێت گۆشتی کۆن لەگەڵ گۆشتی نوێ تێکەڵ بکرێت یاخود تێکەڵکردنی گۆشتی کۆنی چەور و گۆشتی نوێ و فرۆشتنی بە نرخی گۆشتە نوێیەکە، لە کاتێکی وا کڕیار دەبینێ و ئاگادار نابێت، ئەو کارەش بە گزی (غش) لە ئیسلام هەژمار کراوە و ڕێگەپێدراو نییە (ابن عمر الاندلسي، ١٩٥٦، ١١٥ – ١١٧ ؛ الشيزري، ١٩٤٦، ٢٨).

**٧-سەرپەرشتیکردنی نانەواخانەکان (الخبازين) :**

یەکێک لە پیشە گرنگەکانی وڵاتی شام بوو، لە لای خەڵک گرنگی زۆری پێ دەدرا و دەوڵەتی ئەیووبیش گرنگیی زۆری پێداوە، چاودێرییوردی کارەکانی دەکردن نەک تەنها لە دروستکردنی نان، بەڵکو لە دروستکردنی تەندوور و دووکانیش چاودێرییان دەکردن، لە دروستکردنی دووکان دەبوو بە شێوازێک دروستی بکەن دووکەڵی تەندوورەکە بە ئاسانی دەربچێت، بە تایبەت لە سەقفی دووکانەکە دووکەڵکێشێکی فراوان هەبێت بۆ ئەوەی دووکەڵەکە بە ئاسانی دەربچێت، هەمیشە دەرگای دووکانەکە کراوە بێت، یاخود سەقفی دووکانەکە کراوە

بێت، بۆ ئەوەی دووکەڵەکە نەبێتە هۆی پیسکردنی نانەکە و یاخود بێزارکردنی خەڵک (الشيزري، ١٩٤٦، ٢٢ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٥٤).

المحتسب گرنگترین شتی کە لە نانەواخانەکان بە وردی چاودێری دەکرد ئەویش پاک و خاوێنی بوو، لە گشت ئەو شتانەی لە نانەواخانە هەبوون لە ئاو، کۆگای ئاو، پاک و خاوێنی ئارد، گەنم و ئەو شوێنەی کە نانیان لەسەر دەکرد و ناو دووکانەکە بە گشتی، دەبوایە ئەو شتانەی بەکاریاندەهێنا بە پاکی ڕابگرن و بە جوانی بیانشۆن و لە شوێنی پارێزراو بن تا پیس نەبن، کەواتە دەبوو بە هەموو شێوەیەک پاک و خاوێنی شوێنەکە بپارێزن (ابن الحاج، د.ت.ط، ١٦٧ – ١٦٨ ؛ السقطي، ١٩٣١، ٣٠)، هەروەها پیشەوەرانی ئەو شوێنە دەبوو پاک و خاوێنیی خۆیان و جل و بەرگیان بپارێزن و جلێکی هاوشێوە و دیاریکراو بپۆشن، تا نانەکە و شوێنی نانەواخانەکە لە ئارەقی دەست و دەم و چاویان و مووی سەریان پارێزراو بێت، بە شێوازێک نانەکە دروستبکرێت دوور بێت لە پیسی و ئارەق و زۆرینەیان دەبوو شتێک لەسەریان ببەستن بۆ ئەوەی ئارەقی ناو چەوانیان و مووەکانیان هەڵنەوەرێتە سەر نان و شوێنی دروستکردنی نان (الشيزري، ١٩٤٦، ٢٢ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٢١ – ٢٢ ؛ ابوزيد، ١٩٨٦، ٢٠٢ – ٢٠٣).

لەکاتی دروستکردنی نان دەبێت گەنمەکە لە جۆرێکی باش بێت و بە جوانی پاکبکرێتەوە و نابێت بەرد و پیسی لەناو بمێنێ، کە دواتر دەبێتە هۆی زیان بۆ خەڵک و ئازار دانیان، حاڵەتی لەو شێوەش هەبووە گەنمەکە جوان پاکنەکراوەتەوە دوای کردنی بە ئارد، بەرد لەناو ئاردەکە بووە و کە کراوە بە نان لەکاتی خواردن خەڵکی بێزار کردووە، هەرچەندە کەسەکان نانەکەیان دەگەڕاندەوە، لەو حاڵەتانە پارەکەشیان وەردەگرتەوە، بەڵام هەر بە هەڵەیەکی دیار هەژمارکراوە (ابن عمر الاندلسي، ١٩٥٦، ١١١ ؛ السقطي، ١٩٣١، ٢١ -٢٤ ؛ زيادة، ١٩٦٦، ١٧٠-١٧١).

هەروەها دەبێت نانەوا لەکاتی نان دروستکردن ڕەچاوی کێشی نانەکە بکات، نانەکان لە ڕووی کێش دەبێت وەک یەک بن و نابێت یەکێک لە یەکێکی تر گەورەتر بێت، لەگەڵ ئەوەش نابێت نانەکە بە زووی لە فڕنەیەکە بهێنە دەرەوە و تا نانەکە بە تەواوی دەپرژێ، نابێت نانی خاو و هەر هەویر بێت بدرێت بە خەڵک (الشيزري، ١٩٤٦، ٢٣ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٥٤ - ١٥٥)، ڕەچاوی ئەوە بکرێت نابێت نانەکە بسوتێ و زۆر لە فڕن بمێنیتەوە و زوو بێتە دەرەوە و هەر هەویر بێت، نابێت ئاگریش لەسەر زۆر بێت، دەبێت بە جوانترین شێوە نانەکە ئامادەبکرێت ( ابن الحاج، د.ت.ط، ٤/ ١٦٨).

## ٨-سەرپەرشتیکردن لەسەر خواردنەوەکان (الشرابين):

ئەم پیشە کێشە و گرفتی زۆری هەبوو، بە تایبەتی کە چەندین جۆر خواردنەوە و جۆری دەرمانیشی دەگرتەوە و ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە ژیانی خەڵک، بۆیە زۆر بە وردی چاودێری دەکران و لەهەمان کاتیش زۆرترین سزا بۆ ئەو پیشەوەرانە بوو کە گزی لە کارەکە یاخود فێڵیان لە پیشەکە کردبایە (الماوردی، ٢٠٠٢، ٢١٦ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٩٣)، چاودێریی ئەو پیشەیە زۆر قورس بوو و کەمتر ئاگادار بوون لە شێوەی دروستکردن، بۆیە دەبوو خاوەن پیشەکە، هەمیشە خودا وەک چاودێر دیار بکات لەسەر کارەکانی، تا باشترین جۆری خواردنەوە دروستبکەن (الماوردي، ٢٠٠٢، ص ٢١٦ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٩٣).

ئەم پیشە تایبەتمەندی هەبوو، بە تایبەت بەهۆی زوو تێکچوونی خواردنەوەکە بە ماوەیەکی کەم بۆنی ناخۆش دەبوو یاخود ئەو بەرهەمانەی کە بەکاردەهاتن بۆ دروستکردنی خواردنەوەکە بە زووی تێکدەچوون، بۆیە پێویستبوو بەرهەمی باش و نایاب بەکاربێنن، هەروەها هەر بابەتێک بەکاردەهات جارێکی تر بەکارینەهێنەوە وەکو لیمۆ کە لەناو ئاو دەکرا بە ماوەیەکی کەم تێکدەچێ، نابێت دووبارە ئاوی تێبکرێتەوە و

بەکاریبهێنەوە، هەروەها ئاوی گوڵ و چەندین جۆری تریش، کە لە ماوەیەکی کەم بۆن و ڕەنگی دەگۆڕا، بۆیە کاتێکی دیاریکراوی هەبوو و نەدەبوو زیاتر بەکاربێت (الشیزري، ١٩٤٦، ٥٧ ؛ ابن بسام، ١٩٦٨، ٩٣-٩٤).

بۆ دروستکردنی شەربەت و جۆری تری خواردنەوەش، دەبوو ڕەچاوی جۆری میوە یان بەرهەمەکە بکرێت کە بەکاردەهێنرا، نەدەبوو بەرهەمێکی بۆگەن و بێ کەڵک بەکاربهێنن، دەبوو بەرهەمەکان نوێ بن و هەروەها ئەو شەکرەی بەکاردەهات لە تام خۆشکردنی شەربەتەکە یاخود خواردنەوەکە گرنگ بوو باش و تەندروست بێت، لەگەڵ ئەویش کێشی شەکر و بڕی ئاوی میوە دیاری کراوە، دەبوو سێیەکی ئاوی میوە بێت و ئەوەی تر شەکر و ئاو و کەلوپەلی تری پێویست، ئەو ڕێنماییانە گشتگیر بوون و دەرچوون لێیان سزای توندی لەسەر بوو (ابن بسام، ١٩٦٨، ٩٤-٩٥ ؛ ابن الاخوة، ١٩٧٦، ١٨٥)، ئەو شەربەتەی یان خواردنەوەی کە دەیفرۆشن، دەبێت بۆ کڕیار ڕوونبکرێتەوە کە شەربەتەکە نوێیە یان کۆن و میوەکەی نوێیە یان کۆن، کەواتە دەبێت ڕاستگۆ بن لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە بەکاریدێنن و نابێت بیفرۆشنە کڕیار تا ئاگادار نەبێت لە جۆر و شێوەی ئەو شتانەی لێ بەکارهاتوون، نابێت شەربەتی کۆن و نوێ تێکەڵبکرێن و بە شەربەتی تازە و نوێ بفرۆشرێت، هەر کارێکی لەو جۆرە سزایەکی توندی لەسەر بوو (ابن الحاج، د.ت.ط، ١٤٦).

**٩-سەرپەرشتیکردنی پیشەسازیی تایبەت بە دروستکردنی خواردنەکان:**

ئەمەش خۆی لە چاودێریکردنی ئەو پیشانە دەبینیەوە کە تایبەت بوون بە خواردن و هەمیشە چاودێریی توندیان لەسەر بوو، بە تایبەتی ئەو کەسانەی هەڵدەستان بە دروستکردنی خواردن، پێویست بوو جێگای متمانە و باوەڕ بن و شارەزایی و توانایان هەبێت و پێشتر ئەو کارەی ئەنجامدابێت، چونکە هەر کەم و کوڕییەک لە دروستکردنی خواردن،

دەبێتە هۆی تێکچوونی خواردنەکە لە تام و چێژ و ڕەنگ و جۆری خواردنەکە، لەهەمان کاتیش مەترسی دەبێت بۆ سەر ئەو کەسەی کە خواردنەکە دەخوات و لە ڕووی تەندروستی زیانی دەبێت (السقطي، ١٩٣١، ١١ – ١٣).

ئەم پیشە بەهۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە خەڵک، خەڵکیش پێویستە خواردنی دەستکەوێت وەک چۆن جلوبەرگ دەپۆشن، بۆیە دەبێت ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن کەسانێکی ناسراوبن و گزی (غش) لە خواردن و جۆری خواردن نەکەن، گزی لە کەلوپەلانە نەکەن کە لە دروستکردنی خواردن بەکاری دەهێنن و سەنگ و قورسایی و پێوانەی دەبێ دیاربێت، هەروەها نرخی خواردن نابێت زۆر بەرز بێت و دەبێت نرخەکەی دیاری کراو بێت، بۆ ئەوەی زۆرترین کەس سودمەند بێت لە دەسکەوتنی خواردنێکی باش و هەرزان، بۆیە ئەم جۆرە پیشە لە وڵاتی شام گرنگی زۆری پێدەدرا، لەهەمان کاتیش ڕێنمایی زیاتر تایبەت بوون بە پیشەوەرەکە، دەبوو خۆی هەوڵبدات خودا وەک چاودێر دیاریبکات و باشترین و هەرزانترین جۆری خواردن بە خەڵک و کڕیار بدات (ابن تيمية، د.ت.ط.، ٢٢ – ٢٤) و هەر خواردنێک کە دروستدەکرێت، وەک کولاندنی گۆشت دەبوو بەر لە دروستکردنی بە جوانی بشۆنەوە و بە پاک و خاوێنی گۆشتەکە ئامادە بکەن، لەگەل ئەویش دەبوو کریاڕ بزانە گۆشتی چ ئاژەلێکە و نەدەبوو لە جۆری گۆشتەکە گزی بکرێت(ابن بسام، ١٩٦٨، ٤٥-٤٦).

گشت ئەو شوێنانەی خواردنیان لێ دروست دەکرێت، جا هەر خواردنێک بێت وەکو گۆشت، زەیت، شەکر، ڕوون و کەلوپەلی تر، دەبێت نرخی دیاریکراو بێت، وەک نرخی بازاڕ بە گشتی بێت و نابێت لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر نرخی کەلوپەل جیا بێت، دەبێت سوڵتان و دەسەلاتداران لەو حاڵەتەدا نرخی شتەکان دیاریبکەن، بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەتوانن گزی

(غش) له کەلوپەل و خواردن بکرێت، یاخود بە نرخێکی گران بیفرۆشن (ابن الحاج، د.ت.ط.، ص ١٠٦).

**ئەنجام**

له ئەنجامی ئەو توێژنەوە دەردەکەوێت کە المحتسب و دامەزراوەی الحسبة بە گشتی دەسەڵاتێکی زۆری پێدراوە لە ڕێکخستن و ڕێنمایی دەرکردن لەسەر پیشە و پیشەسازی، ئەمەش وایکردووە ڕۆلی الحسبة دیار بێت لە چارەسەرکردنی کیشە و کەموکوریییەکان، بۆیە کۆمەڵێک ئەنجام لەم نوسینەدا بە ژمارە دەخەینەڕوو.

١-الحسبة کە مەبەست لێی لێپرسنەوە و چاودێریکردنە، و کارکردن بە چاکە و هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە خراپە بنەمای سەرەکی کارکردنیان بوو.

٢-المحتسب کە جێبەجێکار و فەرمانبەری ئەو دامەزراوەیە بوو، کەسانێک بوون کە لە ڕووی شەرع شارەزا و بەتوانا بوون و لە هەمان کاتیش لە ڕووی کارەکە و پیشەکە شارەزا بوونە.

٣- ڕێکخستنی بازاڕ و پاک و خاوێنیی بازاڕ گرنگیی زۆری پێدراوە، بە تایبەتی جیاکردنەوەی بازاڕ بە پیشەی تایبەت و بابەتی تایبەت، ئەمەش گرنگ بووە بۆ خەڵک و وایکردووە بە ئاسانی پێداویستییەکانیان بەدەستبهێنن.

٤-پیشە و پیشەسازی خۆراک و خواردن گرنگیی زۆری پێدراوە بە تایبەتی لە ڕووی پاک و خاوێنی و باشیی بەرهەمەکە تا نەبێتە هۆی زیان بۆ تەندروستیی خەڵک.

٥- چاودێریکردن تەنها بازاڕ و بەرهەمی ناوەخۆی نەگرتووتەوە بەڵکو لە سەر سنوور و کەنار دەریاکانیش چاودێریی وردی بەرهەمەکان کراوە وەک هێنانی ماسی کە دەبوو ماسییەکان نوێ بن و بۆگەن و تێکنەچوو بن.

٦- المحتسب ڕێنمایی تەنها لە ڕووی پاک و خاوێنی و ڕێکخستنی شتەکان نەبووە، بەڵکو لە دروستکردنی کەلوپەل و ماددە خواردەمەنییەکانیش ڕۆڵیان هەبووە، تەنانەت لە ڕێژەی بەکارهێنان بۆ دروستکردنی بەرهەمێکی وەک پەقلاوە ڕێنمایی تایبەتیان هەبوو و ئەمەش چاودێریی چڕی الحسبە دەردەخات.

٧-لە دەرکردنی ڕێنمایی بۆ پیشە و پیشەسازی دەردەکەوێت زۆر لە ڕێنماییەکان و یاساکان لە شەرعی ئیسلامی سەرچاوەی گرتووە و بە نموونە لە کوشتنەوە و سەربڕینی ئاژەڵ دەبوو بە پێی شەرعی ئیسلام کاربکرێت، بۆیە لە زۆر لە ڕێنماییەکان ئەوە پەیڕەوکراوە.

**سەرچاوەکان**

## یەکەم: سەرچاوەی ڕەسەن (المصادر الأولية):


-**ابن الاخوة،** محمد بن محمد بن احمد القرشي (ت: ٧٢٩هـ / ١٣٢٩م)

١-معالم القربة فى احكام الحسبة، تحق : د.محمد محمود، صديق احمد عيسى، الهيئةالعامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٦م.

-**ابن بسام**، محمد بن احمد (ت : اواخر القرن ٦هـ/ ١٢م)

٢-نهاية الرتبة فى طلب الحسبة، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٨ م).

-**ابن تيمية**، احمد بن عبدالحليم بن تيمية (ت : ٨٢٨ هـ / ١٤٢٣ م)

٣-الحسبة فى الاسلام أو وظيفة الحكومة الاسلامية، دار الكتب، بيروت، د.ت.ط.. -**ابن الحاج**، ابوعبدالله محمد بن محمد العبدري المالكي (ت : ٧٣٧هـ / ١٣٣٦م)

٤-المدخل، دار التراث، القاهرة، د.ت. ط..

- **ابن حجر العسقلاني**، احمد بن على بن حجر(ت : ٨٥٢هـ / ١٤٤٨م)

٥-فتح الباري، تحق : محب الدين الخطى، دار الريان للتراث، القاهرة، ١٩٨٦ م.

- **ابن خلكان،** أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر بن خلكان (ت: ٦٨١هـ / ١٢٨٢ز)

٦-وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، دار صادر، بيروت، ١٩٧٨م.

-**ابن الديبع**، وجيه الدين عبدالرحمن بن على الشيباني (ت: ٩٤٤ هـ / ١٥٣٧م)

٧-بقية الاربة فى معرفة احكام الحسبة، تحق : طلال بن جميل الرفاعي، مكتبة الملك فهد الوطني، رياض، ٢٠٠٢م.

-**ابن رشد**، ابي الوليد محمد بن احمد بن محمد القرطبي(ت:٥٩٥هـ / ١١٩٩م)

٨- بداية المجتهد ونهاية المقتصد، تحق : ماجد الحموي، دار ابن جزم، بيروت، ١٩٩٥م.

-**السقطي**، ابوعبدالله محمد بن ابى محمد (ت : فى نهايه القرن الخامس و اوائل القرن السادس الهجري / ١١-١٢ م)

٩-اداب الحسبة، مطبعة ارنست لورو، باريس، ١٩٣١م.

-**الشيزري**، عبدالرحمن بن عبدالله بن نصر (ت : ٥٨٩ هـ / ١١٩٣ م)

١٠-المنهج المسلوك في سياسة الملوك، مكتبة المنار، عمان، ١٩٨٧ م، ط١.

١١-نهاية الرتبة فى طلب الحسبة، مطبعة لجنة التاليف، القاهرة، ١٩٤٦م.

-**ابن عمر الاندلسي**، يحيى بن عمر (ت : ٢٩٨هـ / ٩١٠م)

١٢-احكام السوق، تحق : محمود على مكي، مطبعة المهدي المصري، مدريد، ١٩٥٦م.

-**الغزالي**، ابى حامد محمد بن محمد (ت : ٥٠٥ هـ / ١١١١ م)

١٣- احياء علوم الدين، دار ابن جزم، بيروت، ٢٠٠٥ م.

-**الفراء**، ابى يعلي محمد بن الحسين الفراء الحنبلي (ت : ٤٥٨ هـ / ١٠٦٦م)

١٤-الاحكام السطانيه، دار الكتب، بيروت، ٢٠٠٠ م.

-**أبي الفرج الاصفهاني،** علي بن الحسين بن محمد بن أحمد (ت: ٣٥٦هـ/ ٩٦٧ز)

١٥- الاغاني، دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٣٥م.

-**الفيروز آبادي،** مجدالدين محمد بن يعقوب(ت: ٨١٧هـ / ١٤١٤ م)

١٦-القاموس المحيط، راجعه: زكريا صاب احمد واخرون، القاهرة، دار الحديث، ٢٠٠٨ م.

-**القلقشندي**، ابى العباس احمد بن علي (ت : ٨٢١ هـ ١٤١٨م)

١٧-صبح الاعشى في صناعة الانشا، المطبعة الاميرية، القاهرة، ١٩١٤ م.

-**الماوردي**، الامام على بن محمد بن حبيب (ت : ٧٧٤ هـ / ١٣٧٢ م)

١٨- الرتبة فى طلب الحسبة، تحقيق : احمد جابر بدران، دار الرسالة، القاهرة، ٢٠٠٢م.

-**مسلم،** أبى الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت: ٢٦١هـ / ٨٧٥ ز)

١٩-صحيح مسلم، تحق: محمد فواد عبدالباقي، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩١م.

-**المقريزي**، تقى الدين احمد بن على بن عبدالقادر (ت : ٨٤٥ هـ / ١٤٤١م)

٢٠- الخطط المقريزية، تحق : د. محمد زينهم، مديحة الشرقاوي، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٧ م.

-**ابن منظور،** ابى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ت : ٧١١هـ / ١٣١١م)

٢١-لسان العرب، دار صادر، بيروت، د.ت.ط..

-**النويري**، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب (ت: ٧٣٣هـ / ١٣٣٣م)

٢٢-نهاية الارب فى فنون الادب، تحق : د.يحيى الشام، او د. علي بوملحم، بيروت، دار الكتب العلمية، ٢٠٠٤ م..

**دووەم : سەرچاوەی لاوەکی (المراجع الثانوية):**

٢٣-الأصيبعي، محمد ابراهيم : الشرطة فى الإسلامية والقوانين الوضعية، دراسة مقارنة بين الشريعة والقانون، المكتب العربي الحديث، القاهرة، د.ت.ط.

٢٤-**حماد**، نزيه حماد : معجم المصطلعات الاقتصادية فى لغة الفقهاء، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، الولايات المتحد ة الامريكية ، فيرجينيا، 1993 م.

٢٥-**ابوخليل**، شوقى ابو خليل : الحضارة العربية الاسلامية، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٢ م.

٢٦-**ابو زيد،** سوهام مصطفى ابو زيد : الحسبة فى مصر الاسلامية، الهيئة العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٦ م.

٢٧-**زيادة**، نقولا زيادة : الحسبة والمحتسب فى الاسلام، دار الاهلية، عمان، ١٩٦٢ م.

٢٨- **زيادة**، نقولا زيادة : دمشق فى عصر المماليک، نشر مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٦٦ م.

٢٩-**عبدالخالق**، فريد عبدالخالق: الحسبة فى الاسلام على ذوى الجاه والسلطان، دار الشروق، القاهرة، ٢٠١١.

٣٠- قلعجي، قنيبي، محمد رواس قلعجي، حامد صادق قنيبي: معجم لغة الفقهاء، بيروت، دار النفائس، ١٩٨٨م.

٣١-**موسى**، محمد جمعة عبدالهادي : تاريخ الحسبة والمحتسببين بمصر فى العصر المملوكي، دار الافاق العربية، القاهرة، ٢٠١٦ م.

**سێیەم : نامەی ماستەر:**

٣٢-**ابن مرشد**، عبدالعزيز بن محمد : نظام الحسبة فى الاسلام، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، ١٩٩٢ م.

**چوارەم : گۆڤار:**

٣٣-**الاتروشي**، شوكت عارف محمد، تطور نظام الحسبة فى العصر الأيوبى، المجلة المغاربية للدراسات التاريخة والاجتماعية، الجزائر، المجلد الثامن، العدد ١٣، ٢٠١٧م.

٣٤-**حسن**، قادر محمد حسن، الحسبة خلال العهد الأيوبي،مجلةBulletin d'Etudes Orientales، ٣٢١٦، ٢٠١٥ م.

**ملخص البحث**

بعد تولي الأيوبيين السلطة في بلاد الشام (٥٧٠ هـ / ١١٧٤ م) اهتموا بادارة البلاد وتنظيم شؤونها العامة، وكان أحد أهم الأعمال التي قاموا بها هو إنشاء وتفعيل مؤسسة الحسبة والتي كان لها دور فعال في تنظيم وتنشيط الكثير من الفعاليات الاقتصادية، حيث عملت هذه المؤسسة على تحسين حياة الناس وحل مشاكل الناس في ذلك الوقت،وكانت مؤسسة الحسبة ذات تماس مباشر بحياة الناس، وكانت بمثابة مؤسسة قانونية تولت الاشراف والرقابة على الفعاليات الاقتصادية، والاسواق، وكان لاصحابها حق معاقبة المخالفين للتعليمات والقوانين كالذين يقومون بعمليات الغش أو الاحتكار، لذلك كان لمؤسسة الحسبة دور بارز في الاشراف على المهنيين، والصناعيين، ولعبت دوراً مهماً في ازدهار وتطور الانشطة الصناعية والحرفية على عهد الأيوبيين، وقد تمت مناقشة محتوى البحث في ثلاث مباحث رئيسية: المبحث الاول تم فيه التعريف بمؤسسة الحسبة واهميتها، والمبحث الثاني: تطرق الى اهتمام الايوبيين بهذه المؤسسة، والمبحث الثالث والاخير: فشمل الحديث عن لمؤسسة الحسبة على الحرف وصناعات الاغذية والاطعمة في بلاد الشام، واختتم البحث بأهم الاستنتاجات.

**Research Summary**

After the Ayyubids assumed power in Syria (570 AH / 1174 AD) they were interested in managing the country and organizing its public affairs, and one of the most important works they carried out was the establishment and activation of the Hisba Foundation, which had an effective role in organizing and revitalizing many economic activities, where this institution worked On improving people's lives and solving people's problems at that time, the Hisba Foundation was directly related to people's lives, and it was a legal institution that supervised and controlled economic activities and markets, and its owners had the right to punish violators of instructions and laws, such as those who commit fraud or monopoly operations. The Hisba played a prominent role in supervising professionals and industrialists, and played an important role in the prosperity and development of industrial and craft activities during the Ayyubid era، The content of the research was discussed in three main sections: the first topic was the definition of the Al-Hisbah institution and its importance, the second topic: touched on the interest of the Ayyubids in this institution, and the third and final topic: it included the talk about the supervisory role of the Al-Hisba Foundation on the crafts and food industries and foods in Syria in the era Al-Ayoubi, and concluded the research with the most important conclusions.